کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

26-9-2007 0:39بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**خۆشمان بێ تاوان نین!!! ... ئەسعەد قەیدی**

گەلانی بن دەست لە رێگای سەربەخۆی و ئازادی خۆیاندا لە قوربانیدان و گیان بەختکردن سڵێیان نەکردۆتەوە. گەلی کوردیش یەکێک لەو گەلانە بووە کە لە درێژایی مێژوو دا هەردەم لە پێناو سەربەستی و ئازادی خۆیدا بە لێشاو گیانی رۆلەکانی کردۆتە قوربانی و لە هیچ بەرخۆدانێک دریغی نەکردووە. هەر بۆیەش سیاسەتی قیناوی و قێزەونی داگیرکەرانی کوردستان بۆ بە چۆکداهێنا و کپ کردنی خەباتی بەردەوام و لەپسان نەهاتووی ئەم گەلە شۆرشگێرو نەترسە '؛کوشتوو برو درووێنە کردنی کوردان بووە. لە چاوخشانێکی خێرا بەسەر مەودای مێژوویی و دیاریکراوی ئەم جنایەتانە دا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو تاوانانە بە رووداوگەلی کتوپڕ و دابڕاو لەیەک و لە سیستمی سیاسی و رەفتاری سیستماتیکی دەسەڵاتدارانی حاکم جیا ناکرێتەوە. ئەگەر سەیری لاپەرەی مێژووی ئەم گەلە چل ملیونیە بکەین ئەم راستێمان بۆ دەر دەکەوێ کە کوردان سەرەرای ئاشتیخوازی و خۆپاراستن لە "شەروشوور"هەردەم کەوتوونەتە بەرپەلاماری حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان وهەرکام لەوان بۆ سڕینەوەی کورد و ئاسمیلەکردن و تواندنەوەی کوردان هەوڵیان داوە. هێرشکردنە سەر خانی لەبزێرین لە قەڵای دمدم، هێرش بۆ سەربەدرخانێکان، سوتاندنو قڕکردنی ژن و منالی بێ تاوان لە ناو ئەشکەوت و دۆڵو چەمی مەڵبەندی درسیم، هێرشکردنە سەر ئێل وعەشایرەکانی مەنگۆر و شکاک، کوشتن و خنکاندنی کوردەکانی دەورانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، هێرشی بێ روحمانەی جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی بە دوای جیهادی خۆمەینی، قتڵ وعامکردنی خەڵکی بێتاوان لە لایەن خاڵ خاڵێوە وەک کوشتن ولە داردانی سەدانی کەسی بێتاوان لە شارو گوندەکانی سنە، پاوە، کامیاران، مەریوان، نەسود، نیەر، بێسەرو شوێن کردنی 59 لاوی شاری مەهاباد، ناشێرنتر ودزێوترین جینایەتەکانی، قانێ وقەڵاتان، کەڵبەرەزاخان، سەوزی، قەرەقۆل، حوسێنامە و کولاباد ودەیان و سەدان شوێنی تر، ئەنفالکردنی زیاتر لە سەدوهەشتاودووهەزارخەڵکی بێتاوان وشمیابارانکرد نی گوندو شارەکانی کوردستان وسەدانو هەزاران جینایەتیتر کە لە باس کردن نایە. بەراستی رووداوە تاڵ وناخۆشەکانی ئەم گەلە هەژار و بێکەسە ئەوەندە "زۆرن "، وا خەریکە سەرتاپای مانگەکانی ساڵ لەئاسمانی نەتەوەی کورد رەش هەڵدەگێری و دەلاقەیەیکی ترووسکای ناهێلێتەوە بۆ دەربرینی خۆشێکانمان. بێ گومان سیاسەتی پاکتاوی ورەگەزپەرستانەی دوژمنانی ئازادیش هەر ئەمە دەخوازێ کە کوردان نەتوانن رۆژە مێژوویەکانیشیان بە شادی و خۆشی تێپەر بکەن. ئەگەر بێتو لاپەرەیەک لە مێژووی هەرکام لە پارچە دابەشکراوەکەی کوردستان هەڵدەینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە مێژۆکەیان لیپاولیپە لە رووداوی سامناک ودڵتەزێن. بەداخەوە لە هیندێک شوێندا برینەکانی جەستەی کوردستان ئەوەندە قوڵە مرۆڤ لە ئاستیاندا تووشی شەرمەزاری دەبێ و تف لە ناوچاوانی کۆمەڵگای مرڤایەتی دەکات کەوا بێدنگن لە ئاست ئەم جنایەتانەدا. زۆربەی ئەو وحشیگەریانەی کە لە شوێنی باوک و باپیرانی کوردانددا کراوە ئەگەر بێتو بیکەێن بە کتێب ئەوە بێگومان رێژەی دیاریکردنی کتێبەکان نادیار دەبێ و نایەتە ئەژماردن. ئەگەر ئەم جنایەتانە لە هەر شوێنێکی دیکە لەم جیهانە پانو بەرینە دا رووی دابا ئەوە بە جینۆساید دەهاتە ناساندن، لە بەر بێکەسی کوردو ئەقلییەتی لاوازی خۆشمان ئەو هەموو کردەوە نامرۆڤانەیە چاوپۆشی لێکراوە دیزە بەدەر خۆنەیانکردووە. ئێمە ئەگەر سەیر فەلەستین کەین دەبینین تەنانەت بۆ چکۆلەترین رووداو چ هەلایەکی لێ ساز دەکری وهەر ئەم رووداوە دەبێتە بابەتی زۆربەی رۆژنامە و گۆڤاری ولاتانی دونیا دیارە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ پشتیوانی بەر بڵاوی ولاتانی عەرەبی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەم نەتەوەیە. بەراستی ئێمە ئەگەربمان هەوێ باسی هەر یەک لە جنایاتی کوردستان بکەین کۆمەڵێک تراژیدیای ئەوەندە سامناک دێتەوە بەر چاومان کە مرۆڤ تووشی سەر سوورمان دەکات و نازانی کامە لەم ئێشوو ئازارانەی کە گیرۆدەی گەلەکەمان بووە باس بکات، بە تایبەتی مرۆڤ کاتێک بۆخۆی شاهیدی بە شێک لەم تراژیدیانە ببێت کە روویان داوە. لەو وڵاتانەی کە کوردیان تێیدا دابەشکراوە هەردەم هەڵمەتی کورد قڕان لە ئارادایە کە ئێمەی کورد دەست وپەنجەمان لە گەڵ حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانیان دا نەرم کردووە. هەر وەک باسمان کرد ئەو حکومەتە داگیرکەرانی کە کوردستانیان داگیر کردووە هەرکامیان پێش گرتنە دەستی دەسەڵات فرمێسکی تیمساحیان بۆ کورد رشتووەو باسی مافەکانی کوردیان هێناوەتە گۆرێ و'! بەم شێوەیە کڵاو لە دوای کڵاو ناویانەتە سەر ئەم گەلە سادەوساکارە. هەر بە هەمان ئامانج و ستراتیژیی دەستیان داوەتە گۆڕینی سیمای دیمۆگرافی کوردستان، تاڵانکردنی سامان و دارایی نەتەوەیی کورد، راگوێزانی زۆرەملیی، دزینی ئاسەوارە مێژووییەکان، قەدەخەکردنی زمان و جلوبەرگ و کلتووری نەتەوەیی و توندکردنی هەزاران کورد لە چاڵەرەشەکانیان بە بەهانەی جۆراو جۆر، کە بە داخەوە لە لایەک بێ دەسەڵاتی خۆمان و لە لایەکی دیکەش کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە ئاستیاندا کوێروکەڕە. دەتوانین بڵێین لە بەر چەند هۆکارێکی ناوخۆیی و دەرەکی تا ئێستاشی لە گەڵبێت ئەم تراژیدیانە هەرلە چوارچێوۆی کوردستانی بەند کراو دا حەپسکراو ماوەتەوە و بە غەیری کورد نەبێ کەم شوێن هەیە لێی ئاگادار بێت. من پێموایە تەنیا کەسێک دەتوانێ دۆستی راستەقینە وپشتیوانی بەوەفای کورد بێ و لە رۆژە سەختەکاندا فریای کەوێ تەنیا هەر خودی کورد خۆیەتی وبەس، چون بەرژەوەندێکانی ئێمە هەمیشە بۆتە قوربانی زلەهێز و خاوەن دەسەڵاتەکان وخۆشمان بێ کەموو کوری نە بوین. بە بروای من هۆکارەکانی ئەمانەن کە بریتین لە:

یەکەم: نەبوونی دۆست و پشتیوانی باش و دڵسۆزو نیزیک واتە داوسێ کە بتوانێ ببێتە رێگایەکی سەرەکی بۆ ناساندنی کێشەکانی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، کە بەداخەوە لە درێژای مێژوو کورد دا تەنیا چیاکانی کوردستان یارو پشتیوانی راستەقینەی بووە و هەرئەوانیش دەردو خەمو ئازارەکانی ئەو گەلە هەژارەی لە ئامێزگرتووە. ' (هەر چەند بە خۆشێوە ئێستا لەم سەردەمە دا کورد و هێزی کورد چ لە رووی سیاسی و چ لە رووی کۆمەلایەتی و ئابووریێوە ئاڵوگۆرێکی بەر چاوی بە خۆوە بینیوە کە جێگای شانازییە بەڵام هەر کەمە و ئەمە لە رووکەش دایە و ئەبێ لە ناوەرۆک دا بگۆڕێن و ژێرخانێکی باش دامەزرێنین بۆ نەسلی نوێ. کە بە داخەوە بەشێك لە پێشرەوانی کورد نە گۆراون و بێ ئاگان لە رووداوەکان) .

دووهەم: نەبوونی سیاسەتێکی هێز و یەکدەست لە دەرەوەی ولاتدا ؛کورد ئەگەر نەی توانیوە لە بەر ژیۆپۆڵتیکی کوردستان لە ناو خۆیدا، یەکێتی و یەکریزی بپارێزێ خۆ لانی کەم لە دەرەوەی وڵات دەیتوانی دوورلە خۆمە خۆمە و سیاسەتی حیزب حیزبێنە دا لە رێگای دروستکردنی چەندێن رێکخراوی سنفی و جیاواز لە یەک '؛هەوڵبدات بۆ ناساندنی کێشەکانی گەلی کورد بە بیرورایگشتی و نێودەڵەتی. من پێم وایە ئێمە دەستی کەمان لەو نەتەوانە نەبووە کە لەم رێگایەوە درێژەیان بە خەباتی خۆیاندا و توانیان سەرکەوتنیش بە دەست بێنن.

سێهەم: شەرو خۆخۆری ناخۆی جولانەوەی کورد '؛ دیارە ئەم خالەیان دەتوانین بە یەکیک لە هەرە خالە نێگەتیڤەکانی ناو بزاڤی رزگاری خوازانەی گەلەکەمان دابنێین بۆ نەناساندنی ئەو هەموو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

26-9-2007 0:39بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

قەڵتووبرەی کە لە سەرکوردان کراوە بێگومان شەری ئەو حیزبانە سەروری ئەوەی کە زۆربەی لە پەیکەر جوڵانەوی کورد داوە لە لایەکی دیکەش هۆ کارێکی سەرەکی بوو بۆ نەناساندنی کێشەی رەوای گەلەکەمان. هۆکارەکانی ئەم شەرانەش زۆرن کەئەگەر بە کورتی بمهەوێ باسی بکەم خۆی لە چەند خاڵدا دەبینێتەوە'، خۆبەزلزانینی سەرکردەکانی کورد لە ناو جوڵانەوەی رزگاری خوازی کورد دا، لە ژێر پێدانی یەکتر و باوەر بەیەک نەکردن و متمانەکردن بە دوژمن، سوکایەتی کردن بەسەروەرییەتی کوردستان لە رێگای پەلکێشکردنی دوژمنانی راستە قینەی کورد بۆ سەر یەکتر، شاردنەوەی چەمکی نەتەوە لە ژێررکێفی ئایین وچەپ وهیژمونی حیزبایەتی دا ونوقومبوون لە نۆکەرایەتی کردنی بەشێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد دا دەبینێتەوە،

بە راستی من نام هەوێ باسی هەر هەموو جنایەتەکانی ئەو حکومەتانە بکەم کە دەرهەق بە گەلی کورد کردوویانە. چوون نە پێنووسی من توانای گێرانەوەی هەیە و نە جێگای باسی ئێمەشە. ئەمانەی لە سەرەوە ئیشارەمان پێکردن وەک هەڵەو کەموو کوری لە رابردوو دا دائەنرێ. بەڵام سەرەرای ئەمەش ئێمەی کورد بە داخەوە لە زۆر شوێندا بە هۆی سادەیی و پاکی وساویلکەیی خۆشمانەوە کەوتووینەتە ناو دەریای حیلە و کەڵەکبازی بارهاتووانی سەردەم و توانیوانە بە ئاسانی سەری یەک یەکە لە رۆڵە بەنرخەکانی گەلەکەمان لێبدەن و وەک بەرزەکی بانان بۆ دەر چن. سەیر ئەوەیە کە ئێمەی کورد سەرەرای ئەو هەموو زەربە خواردن و کەوتنو هەستانەوەیە لە قالبی سادەو ساویلکەیی خۆمان نایەنەدەرێو هەر بە هەمان ربەی خەرمانی رابردوومان سیاسەت دەپێوین و لە رابردوو پەند وەر ناگرین هەڵە لە دوای هەڵە دووبارە دەکەینەوە وهیچ پێودانگێکمان نیە بۆ سیاسەتکردنی خۆمان. لەم سەردەمەش دا کە هەموو دونیا ئاڵوگۆری بە سەر داهاتووە، لە رووی سیاسی، نیزامی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و تێکنۆلۆژی باڵی بەسەر دونیا دا کێشاوە کەچی کورد هەر لە رووکەش لەم بوارانە دا توانیوێتی خۆی بگۆرێ و لە ناوەرۆکدا هەر هەمان ئاش وهەمان کاسەیە. لە کاتێکدا کە ئێمەی کورد لەم سەردەمەدا کە ئێستا کورد پێیدا تێدەپەرێ لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیمان بە یەکێتی و برایەتی هەیە، حێزبە دێموکرات و چەپ و راست و خوارەکانی ئێمە خەریکن وەک تۆوی هەرزن لێک بڵاو دەبن وشەرە شەپ وشەرە نێزەی دەورانی نیگڵیان تێکەوتووە و زمانم لاڵ و گوێی شەیتان کەڕ بێت!! هەمویان خەریکە توشی نەخۆشی ئانفلانزی لێکترازان دەبن. سەیر لەوەدایە ئەگەر بێت وئێمەی کورد پرسیار یان رەخنە لە هەر کامیان بگرین!!ئەوە هیچ کەس بە دۆی خۆی ناڵێ ترشەو کەس بۆی نیە دەخالەت لە کارو باری ناخۆیان دا بکات چونکە بە کێشەی ناخۆی خۆیانی دەزانن، کە هاتیشە سەر کوردایەتی هەر خۆشیان خاوەنی خاک و ماڵ و نیشتمانی کوردن، کە بێتە سەر شۆرشکردن دیسان هیچکامیان خۆیان بە کەم نابینن لە ئاست ئەم ئەرکەدا وهەر یەکە شێرێکە لە مەیدانی جەنگا. (کەحاشا لە ئازایەتی کورد ناکری) خۆبەزلزنین وبەکەم گرتنی یەکترهەمیشە هۆکاریکی سەرەکی بووە لە هەڵگیرسانی شەری برا کوژی. دوو بارە سەیر لەوە دایە هیندێک لە هێزە سیاسیەکانی کورد ئەم خۆخۆرێ کوردان بە شەری براکوژی نادەنە قەڵەموو وەک کابرای گۆرین "بە شەری حەق ئەلەیهیباتڵی" دەزانن خوێنی یەکتر حەلاڵ دەکەن. کە باس لە دێمۆکراسیش دەکرێ ئەوە هەر خۆیان مامۆستای دێمۆکراسین خەڵکی دەرەوەی خیان بە نەزانو دواکەتوو دا ئەنێن. کە دێتە سەر مێژووش ئەوە رابردووی کوردان بە کۆمەڵگایەکی عەشایرو دواکەوتوو و نەخوێندەوار ولە کاروان بەجێماو دەبێنن. باشە ئەگەر ئێمەی کورد حیزبەکان! پرسیاتان لێبکەین کە ئایە لە کاتی دامەزرانی ئێوە و لە رووناکبیرانی ئێوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org

26-9-2007 0:39بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

وخوێندەوارانی ئێوە تا ئێستا چ قازانجێکمان کردووە کە تف لە رابردووی خۆمان بکەین؟ کە دەزانم بۆ وڵامی ئەم پرسیارە هیچ شک وگومانم نیە بە قسە دەتوانن رووی سپی دەیان کاغەزی ماڵوێرانمان بۆ رەش کەنو پاساوی زریقەوبریقە دارمان بۆ بێننەوە کە لە لای ئێمەی کورد پوڵێکی قەلب ناکات. بە داخەوە حیزبەکانی ئێمە لە سیاسەتکردن بە مانا زانستێکەی لە ئاست دوژمنانی راستەقینەی کورد وکوردستان کلۆڵوو داماون، کەچی دژ بەیەکتر (کورد گوتەنی) وەک کەڵەشێر وان و بۆ نەمانی یەکتر لە دەیان فرتووفێڵ کەڵک وەردەگرن حازرن دەست بۆ گشت کارێکی نامەردانە درێژ بکەن. لە کاتێکدا لە رۆژ هەڵاتی وڵاتدا رێنیسانس لە گۆری دایەو خەڵک پیویستیان بە رێکخستنێکی سیاسی و یەکگرتو هەیە دونیا داوای لێکنیزیک بونەوەمان لێدەکات ئا لەم کاتەدا ئێمە دەبێ گۆرانی بە باڵای نەخشاوی... دوو دێمۆکرات، چەند کۆمەڵە، دوو خەبات، دووپارتی ئازادی، دوو چەپ، دووخوار هەڵبلێین. دابەش بوونی ئەم حیزبانە ئەگەر دابەش بونێکی شارستانیانە بوایە کەس لە هێڵی سوور لای نە دابا، ئەوە بێگومان نەک زەرەرمان نە دەکرد بەلکو تۆزێک قازانجی هەبوو لە کۆکردنەوەی بیری جیاواز دا، بەڵام کوا لە هێزە سیاسیەکانی ئێمە ئەوە چاوەروان دەکرێ کە ئاو لە ئاو نەترازێ و کرداری خۆیان بە ئایندە بسپێرنو رێگا بە خەڵک بدەن قەزاوەتیان لە سەر بکات. بەم کەرتوپەرت بونەیی خۆیان بونەتە هۆکاری دابەش بوونی بنەماڵەی شەهیدە سەر بەرزەکانیش کە جێگای داخە. من هیوادارم بنە ماڵەی شەهیدە نەمرەکانمان چیدیکە خۆیان نەکەنە قوربانی سیاسەتی خۆبەزلزانانی مەیدانی بێ پاڵەوان. هیوادارم ئێمەی کوردیش وە خۆ کەوێن و کات بە فیرۆ نەدەین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.